# چەند تێڕوانینێکی شیعریی
# بۆ عەورەت

ئەحمەدی مەلا

١

ئەم فەوزایە نانووسرێتەوە :
تەنها
دوو باڵی تابووتێ دەبینم بە ئاسمانا
لە گەڵ زاکیرەی سیمورغێ وا دەسووتێن،
ئەم فەزایەش تەسکە بۆ فڕێن.

٢

ئەم فەوزایە زاکیرە دەبووژێنێتەوە :
دوکەڵێ لە هەلەموت،
دوکەڵێ لە عەقڵ
بەرەوە ئاسۆی بنبەست بەرز دەبێتەوە!

٣

ئەم فەوزایە جەستەمی لە مشت دایە :
جەستەی سووتماکم،
تا ورد دەبمەوە
کوێرایم دادێت.

سێ گۆڕانکاری دیکە
١
فەوزا گردبوونەوەمە
ئاسمان جەستەی هەلاهەلامە
باڵەکانم دەبنە دوو کانی

٢
زاکیرەم کتێبێکە لە دەست ئیبنی مستەوفی
بە مردووی لە دایک دەبێ
کەلاکێکە بە ئاسۆدا هەڵدەواسرێ.
٣
عەورەتم دەبێتە ئافرەت
ئافرەت دەبێتە عەورەتم

سێ کۆتایی
١
جەستەم
جەستەم نییە
نازانم کێم!
٢
کتێبێکی مردووم
لە گۆڕستانی زیندوان
٣
رووتم
کوێرم

سێ بێدەنگی
١
جەستە جەنگ
٢
گۆرستان
٣
ژنانی بێ عەورەت